

# دەنگتان
# بە گوێی ئەوان بگەیەنن!

## ڕێنوێنی و کەرەسەی پشتیوانی کردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاند

نەبزی ئێران دنگی بەهێزی ئێرانییانە

نبض ایران
تقویت صدای ایرانیان

ماچولند

# سەرەتا و پێڕست

بەکارهێنانی ئینتێرنێت بەردەوام و بە شێوەیەکی سابت لە زیادبوونە. ئێستاکە ٣،٤ ملیارد کەس واتە ٤٦٪ خەڵکی دنیا دەستیان بە ئینتێرنێت ڕادەگا[1]. ژمارەی ئەوانەی ئینتێرنێت بەکاردێنن[2] لە ساڵی ڕابردوودا لە سەدا دە زۆرتر بووە.

ساڵی ٢٠١٦ ٣،٢ ملیارد کەس، واتە حەفتا لە سەدی ئەوانەی کەڵک لە ئینتێرنێت وەردەگرن سۆشیال مێدیایان بەکارهێناوە[3]. لە ساڵی ٢٠١٥ تا ٢٠١٦ ڕادەی ئەوانەی کەڵکیان لە سۆشیال مێدیا وەرگرتووە لە سەدا دە زۆرتر بووە. هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەوان تا ڕادەیەک پێوەندی بە زۆربوونی تەلەفوونی مۆبایل و سەرنجڕاکێشبوونی سۆشیال مێدیایە، کە ئەپەکانیان لە سەر ئەو دەزگایانە دامەزراون. بوونی سۆشیال مێدیا بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەوانەی بەکاریاندێنن و هەروەها کەڵکـوەرگرتنی بەردەوام بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ دۆستان و ئەندامانی بنەماڵە، وەدست هێنانی هەواڵ، یاری و کڕینی کاڵا بە شێوەی ئانلاین. بۆ وێنە لە سەدا پەنجا و چواری ئەوانەی ئەندامی فەیسبووکن دەبێژن لانی کەم ڕۆژی جارێک ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەکاردێنن.

. ساڵی ٢٠١٦ ژمارەی ئەوانەی فەیسبووکیان بەکاردێنا ١،٦ ملیارد کەس بوو؛ بەو پێیە فەیسبووک لە ئەپریلی ٢٠١٦ پلەی[4] یەکەمی لە جیهاندا هەبوو. دیارە کەڵکـوەرگرتن لەو پلاتفۆڕمانە لە ناوچەگەلی دنیا جیاوازن. ژن و پیاو لە فەیسبووک، ئینستاگرام و تویتەر کەڵکـوەردەگرن. وا دیارە ژنان زۆرتر فەیسبووک و ئینستاگرام بەکاردێنن و زۆرینەی ئەوانەی توتیر بەکاردێنن پیاون.
ئەوەی ئێران دەگرێتەوە وەدەستهێنانی زانیاری ورد لەمەڕ بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت نە هاسانە. تێکرەسا پلاتفۆرمێکە، کە ڕاپۆرت لەبارەی چالاکی ئینتێرنێت لە ئێران بڵاو دەکاتەوە بە نەقڵ لە ئاژانسی هەواڵدەری مێهر[5] دەبێژی نۆوامبری ساڵی ٢٠١٥ ڕێژەی بەکارهێنانی ئینتێرنێت لە ئێران لە سەدا هەشتا و دوو بووە، لە کاتێدا ئەو ڕێژەیە لە ساڵانی بەرتر لە سەدا حەفتا و سێ[6] بووە. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە زۆرینەی ئەوانە، لە سەدا سی و هەشت لە تەلەفوونی مۆبایل کەڵک وەردەگرن. دواتر کەڵکـوەرگرتن لە ADSL لە سەدا بیست و دوو، dial up لە سەدا نۆ، optical fiberلە سەدا هەشت و WiMax لە سەدا چوار.
لەبەر ئەوەی لە ئێران نزیکەی نیوەی بەناوبانگترین پلاتفۆرمی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان فیلتێر کراون، ناکرێ بە دڵنیياوە بگوترێ لە کام یەک لەوانە زۆرترین کەڵکـوەردەگیرێ. لێرەدا بڕواننە چەند زانیارێکی زیاتر کە لە لایەن تێکساوە بڵاوکراوەتەوە:

**تویتەر:**

سەرەڕای یاساخبوونی لە ئێران، ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ هۆگری زۆرتری تویتەر بەکاردێنن، بە تایبەت لاوانی ئێرانی زۆر تویتەر بەکاردێنن و لایەنگری ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییەن. سەرۆک کۆماری ئێران حەسەن ڕۆحانی و محمەد جەواد زەریف وەزیری کاروباری دەرەوەش کەڵک لە تویتەر وەردەگرن.

---

[1] http://www.statista.com/statistics/273018/number-of-internet-users-worldwide
[2] 2 http://www.smartinsights.com/social-media-marketing/social-media-strategy/new-global-social-media-research
[3] 3 http://www.smartinsights.com/social-media-marketing/social-media-strategy/new-global-social-media-research
[4] http://www.statista.com/statistics/272014/global-social-networks-ranked-by-number-of-users/ 3
[5] http://techrasa.com/2015/11/20/infographic-internet-penetration-iran/
[6] 6 WiMAX stands for the Worldwide Interoperability for Microwave Access, a group of wireless communication standards.

**فەیسبووک:**

لە لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی ٢٠١٢ ڕێکخراوی چی میگی ( چ دەبێژی) دەردەکەوێ نزیکەی لە سەدا و پەنجا وهەشتی ئێرانییەکان بەردەوام فەیسبووک بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێنن. ئەوەش سەرەڕای قەدەغەبوونی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە لە ئێران.

**ئینستاگرام:**

بە پێچەوانەوە ئینستاگرام لە ئیران قەدەغە نەکراوە. بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دژی گرووپە جینایەتکار و بێئەخلاقەکان کەڵک لە سیستەمی فیلتێرنگی تایبەتی دامەزراندووە.

# مەبەستی ئەم ڕێنوێنییانە

تۆڕە کۆمەڵایەتەکان هەلی ئەوەمان بۆ دەگونجێنن بە مەبەستی جیاواز لەگەڵ چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵ لە پێوەندیدا بین، زۆر جار پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئاگادارکردنی خەڵک و ڕاکێشانی بۆ پشتیوانیکردن لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کەڵکیان لێوەردەگیرێ. ئەم ڕێنوێنییە بە کورتی پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تویتەر، فەیسبووک و ئینستاگرام بە باژێروان (citizen) و چالاکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەناسێنێت و شێوەی بەکارهێنانیان بۆ کارتێکەری و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای خۆتان بە ئێوە دەناسێنێت.

ئەم ڕێنوێنییە هەروەها بۆ پشتیوانی لەو ژنە ئێرانیانەیە، کە گەرەکیانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری زۆرتریان هەبێ و دەنگیان بۆ باسکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەرزتر بکەنەوە. سەرەڕای بەشداری زۆری ژنانی ئێران لە بواری کۆمەڵایەتیدا سیاسەت و نۆرمی باو لە ئێران هەوڵ دەدا ژنان هانبدا واز لە بەشداریکردن لە کاروباری کۆمەڵدا بهێنن و بە شێوەی نەریتی تەنیا ڕۆڵی هاوژین، دایک و کەیبانوویەتی ماڵ وەئەستۆ بگرن.

سەرەڕای ئەوەی، کە ژنان وردەو وردە لە کۆمەڵدا جێی خۆیان دەکەنەوە، ڕووبەڕووی کێشەش دەبنەوە. توند و تیژی ئانلاین، هەڕەشەی گرژی و پرتەوژمی جنسی چ لە ئێران و  چ شوێنەکانی دیکەی دنیا زۆرتر لە پیاوان کاردەکاتە سەر ژنان. ئەوە ئاکامی لێکۆڵینەوەی ڕیکخراوێکی هۆڵەندییە، کە لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەی کردووە.
Iranian internet users view online sexual harassment.

**نەبزی ئێران (نبض ایران)**

نەبزی ئیران پلاتفۆڕمێکی جێی باوەڕە، کە هەوڵدەدا لە ڕیگەی کۆکردنەوە، وێنەسازی و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەمەڕ ئاگاداری لە بواری مافدا یاریدەدەری خەڵکی ئێران بێ، بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە. ئێمە هەروەها ئاگاداری و سەرچاوەی پێویست بۆ چالاکوانانی ئێرانی دابین دەکەین، تا لە ئەرکی بەرپرسایەتی خۆیان ئاگادار بن و لە بەڕێوەبەری ڕێفۆرمی پێویست یاریدەدەر بن. ئەو سەرچاوە زانیاریانەی لە لایەن نەبزی ئێرانەوە بڵاودەکرێنەوە، بەرهەمی هەوڵی هاوکارانی چالاکی ئێمەن، کە خەڵکی بەچاوی خۆیان دیویانە، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی پرۆفیشیۆناڵ و تاکە کەسی بە تایبەت لە مێدیای ئێرانی وەریان گرتووە کۆیانکردووەتەوە. کاری نەبزی ئێران دەورەی فێربوونی ئانلاین و چالاکوانی، و چاوەدێری کۆمەڵ، شێوەی نواندنی کارتا (نەقشە) و چەشنی داتا بە ئینفۆگرافیک و شێوازی دیکە، شیکردنەوەی مافی نێونەتەوەیی و ئەو پەیمانانەی ئێران ئیمزای کردوون، پشتیوانی و ڕینوێنی چالاکوانان و بایەخدان بە مێدیای جیاواز بۆ گەشەپێدانی دیالۆگ و باس

و ڕەخنە بەشێکی دیکە لە ئەرکی ڕێکخراوی نەبزی ئێرانە. نەبزی ئێران پرۆپاگاندا بۆ سیاسەتێکی تایبەت ناکا، بەڵکوو بۆ گۆڕینەوەی بیروڕای بەشێکی بەربڵاوی ئێرانییەکان و بەرزکردنەوی لێهاتتویی و فێربوونی دیالۆگ لە نێوان ئەواندا هەوڵدەدا.

**ماچۆلاند**

ماچۆلاند واتە وڵاتی جیاوازی جنسیەتی، ماچۆلانی فارسی هەشتی مارسی ٢٠١٥ وەک بەشی ئێرانی تۆڕی ماچۆلاند، کە ساڵی ٢٠١٤ لە فەڕانسە دامەزرێنرا، بنیاتنرا و دەستی بەکارکرد. ئەم ڕێکخراوە بە شێوەی ئانلاین لە دنیای مەجازیدا دژی ناهەوسانی و جیاوازیهاویشتنی ژنان لە دنیای فارسزماندا دەوەستێ و هەوڵ دەدا بەری ناهاوسانی و وتاری ئاوێتەی جنسی لە ڕێگەی نارمزایەتی دەربڕین و بەرپرسکردنی کەسانی حەقیقییەوە بگرێ. ساڵی ٢٠١٦ دامەزرێنەرانی ماچۆلاند بڕیاریان دا بۆ ئەوەی باشتر پێداویستی تایبەتی کۆمەڵی ئێران دابینبکەن وێبسایتێکی نوێ وەڕێبخەن. مەبەست لە وەڕیخستنی ئەم وێبسایتە بەهێزکەدنی چالاکوانان و ڕاهێنانی تایبەتی ئەوانە بۆ بوون لە دنیای مەجازیدا و پاراستنیان لە ڕووبەڕوو بوونیان بەرانبەر ئازاری جنسییەتی.

## با دەست پێبکەین

# تویتەر، فەیسبووک و ئینستاگڕام

بەناوبانگترین پلاتفۆڕمگەلی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەند جیاوازی گچکە بەڵام گرینگیان لە تەکیەکدا هەیە، کە کاتی بەکارهێنانی هەرکام لەوانە دەبێ لەبەرچاوبگیرێن. ئەم بابەتە بە کورتی چەمکی سەرەکی، لێهاتوویی تایبەت، ڕێنوێنی هەنگاو بە هەنگاو بۆ کردنەوەی ئاکاونت و دۆزینەوی کەسی لایەنگر و ناردنی بابەت بۆ هەرکام لەو پلاتفۆڕمانە ڕوون دەکاتەوە. جگە لەوەش لەم بەشەدا ڕوونی دەکەینەوە، چۆن ئێوە لە هەرکام لەوانەدا لە ڕێگای بڵاو کردنەوەی پۆستی باشتر دەتوانن پڕۆپانگاندی باشتر بکەن و لایەنگری زۆرتر بەرەو لای خۆتان ڕاکێشن.

## تویتەر[7]

### تویتەر چییە؟

چاوێک بە وشەنامەی تویتەردا بخشێنن و لەو ڕیگایەوە بزانن چ وشە و چەمکێک بۆ وەسفی تویتەربەکاردەهێنرێت.

تویتەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، کە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری (Information) کەڵکی لێوەردەگیردرێت و ئەندامان دەتوانن پەیامێکی ١٤٠ نیشانەیی بڵاو بکەنەوە. تویت ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی کەسانی سەرنجراکێش لە دنیای ئانلایندا و وەدەستخستنی ئەو زانیارییانەی بۆتان گرینگن لە کەمترین زەمانی موومومکیندا.

### چۆن دەتوانین لە تویتەر کەڵکوەربگرین؟

[7] “Getting started with Twitter,” https://support.twitter.com/articles/215585

بەر لە هەموو شت دەبێ ئاکاواتیک بۆ خۆتان بکەنەوە. لە ڕیگەی کردنەوەی ئاکاوانتەو ئێوە دەستان بە ئاگاداری دەگا و ناسنامەیک بۆ ئێوە چێ دەبێ و کەسانی دیکە دەکارن پێوەندیلەگەڵ ئێوە بگرن.
ناسنامەی توتیتەر هەموو کات پاش نیشانەی @ دەستپێدەکا. ئەوانەی لە توتیەردا ناوی ئێوە دێنن یان پیوەندیتان پێوە دەگرن username@ ناوی ئێوە بەکاردێنن. واتە پێوەندیگرتن و ئاماژەکردن بە پۆرفایلی ئێوە تەنیا لەو ڕێگەوە دەکرێ. بۆ وێنە تویتەری نەبزی ئێران NabzIran@ و ماچۆلاند لە نیشانەی MachoLand_Fa@ کەڵکـوەردەگرێ.

پاش کردنەوەی ئاکاونت ئێوە دەکارن کەسانی دیکە ببیننەوە و بابەتەکانیان بخوێننەوە و ببینن. ئەگەر بە زمانی خودی تویتەر بدوێین دەتوانین فالاو بکەن. ئەوکات ئێوە دەبنە فالاوەر و کارەکەش فالاوکردنە. خەڵکی دیکەش دەتوانن هەروا لەگەڵ ئاکاونتی ئێوە بجوولێنەوە. بۆ فالاوکردنی ناوی ئەو کەسانەی دەیانناسن،وەک ستاری ناسراو، ڕێکخراوگەل و شتی دیکە بینووسن و لەو ڕێگەیەوە دەتوانن بیاندۆزنەوە. تایملاین یان هەومپەیجی هەموو ئەندامان و خودی ئێوە و ئەوانەی فالاویان دەکەن بەردەوام نوێ واتە ئەپدەیت دەکرێن.

| |
|---|
| **ڕێنوێنی:** شێوەیەک بۆ بینینەوەی بابەتی سەرنجڕاکێش ئەوەیە، بزانن ئەوانەی ئێوە دەیانناسن و هۆگری چی و کێن و کێ فالاو دەکەن و بابەتی کێ دووبارە بڵاو دەکەنەوە؛ واتە ڕیتویت دەکەن. |

ئەگەر پێتخۆش نییە کەسێک فالاو بکەی، بەڵام بابەتەکانی بخوێنییەوە لیستێک ئامادە بکە. ئامادەکردنی لیست ڕێگیەکی لەبارە بۆ بینینەوەی بابەتی هاوشێوە. بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەتوانی دوو لیستێ گشتی و تایبەتی ئامادە بکەیت و ناوی ئەوانەی فالاویان دەکەن بخەنە سەر لیستەکە. لەو ڕێگەیەوە هەموو پۆستەکانیان هاوکات لەسەر تایملاینی خۆتان دەبینن. ئێوە لە ڕێگەی کلیککردن لەسەر ئاکاونتی کەسانی دیکە دەتوانن، بابەتی نووسراو، ڕەسم، ویدیئۆی ئەوان ببینن. کلیک بە کە سەر ئەو وشانەی نیشانی هەشتەگی # لە سەر نووسراوە دەتوانن هەموو ئەوشتانەی لەسەر ئەو باسە نووسراوە ببینن.

## چۆن دتوانن ڕادەی فالاوەری خۆتان لە تویتەردا زۆر بکەن؟

باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی خەڵکی زۆر فالاوەری ئێوە بن، بوونی چالاکانە و بەردەوامی ئێوەیە. پاش ئەوەی لە کارە سەرکییەکانی توتیەر گەیشتی هەوڵ بدە چۆنییەتی ناردنی ڕەسم و ویدیئۆش فێربی.

| |
|---|
| تویتەر کەرەسەیەکی باشە بۆ پێوەندی گرتن لەتەک خەڵکی کارتێکەر (موئەسیر) و کەسانی ئاسایی. بە نووسینی username@ دەتوانن بەززترین کات پێوەندی بگرن. ئەگەر خەڵکی دیکە چەتەکەتان ببینن یارمەتیتان دەدا بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی زۆرتر بۆ لای خۆتان ڕابکێشن و خۆتان دەبنە کەسێکی کارتێکەر. |

1. **ریتویت و وەڵامدانەوە**

بۆ سازاندنی کەسایەتی تویتی خۆتان کەڵک لە تویتی کەسانی دیکە وەربگرن. لەو ڕێگەوە بە ئەوان دەنوێنن چیتان بۆ گرینگە. ئەوەش لە ڕێگەی ڕیتویت و وەڵامی ئێوەوە مومکینە.

| |
|---|
| **ڕێنوێنی:** ئەگەر لە بەکارهێنانی تویتەر ناشی و تازەکارن، خەڵکی دیکە دەیانەوێ پەیامی تۆ ببینن؛ بەردەوام ڕیتوت بکەن و وەڵامی پەیام خەڵکی بدەنەوە. |

ریتویت چییە؟
ریتوت پۆستکردنی دووبارەی یەک تویتە. ڕیتویت ئیمکانی بڵاوکردنەوەی خێرای پەیام بە ئێوە و کەسانی دیکە دەدا. زۆر کەس لە کاتی ڕیتویتدا لە نیشانەی RT کەڵک وەردەگرن، بۆ ئەوەی نیشانبدەن ئەو پەیامە هی کەسێکی دیکەیە. ڕیتویت وەک تویتی ئاسایی وایە، تەنیا جیاوازی ئەوەیە ناوی ئەو کەسەی یەکەم جار پۆستەکەی تویت کردەوە پیوە دیارە.

وەڵام (جواب) چییە؟
وەڵام Reply جوابێکی ئێوە بە پۆستێکە، کە نیشانەی username@ پێوەیە. ئێوە دەکارن بە کلیک لە سەر نیشانەی Reply وەڵامی تویتێک بدەنەوە. هەر وەڵامێکی تویتی ئێوە بە username@ دەستپێدەکا و لە بەشی نۆتیفیکەیشندا دیارە.

## 2. ناوی کەسانی دیکە لە تویتدا بهێنن

کاتێک پۆستێک بڵاودەکەنەوە ناوی کەسانی دیکە بنووسن. بە فارسی بەوە دڵێن منش کردن (mention). ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی دیکە توتیتی ئێوە ببینن و سەرنجی زۆرتری کەسانی دیکە بەرەوخۆرابکێشن.

## 3. هەشتەگ #

هەشتەگ هەلی ئەوە بۆ هەموو کەسێک دەرەخسێنێ، لە باسێکی باودا بەشداری بکا. هەشتەگ کەرەسەیەکی فرە لەبارە بۆ ئەوەی لە باسێکدا بەشدار بن؛ بە تایبەت ئەو کاتەی فاڵاوەڕی زۆرت نییە. جگە لەوە هەشتەگ باسی ڕۆژ "ترێند" دێنێتە ئاراوە و ئێوە دەتتوانن لەو بابەتانە لە دەرەوی دنیای مەجازیش کەڵکوەرگرن.

# فەیسبووک[8]

## فیسبووک چییە؟

چاوێک بە <u>وشەنامەی فەیسبووکدا</u> بخشێنن و لەو ڕیگایەوە بزانن چ وشە و چەمکێک بۆ وەسفی فەیسبووک بەکاردەهێنرێت.

فەیسبووک گەورەترن تۆری کۆمەڵایەتییە و زیاتر لە یەک میلیارد کەس بەکاری‌دێنن. هەمووان دەتوان بەکاری بێنن و ئاگاداری ئاڵوگۆربکەن. جگە لەوەی فەیسبووک بۆ پێوەندی‌گرتن لەگەڵ بنەماڵە کەرەسەیکی زۆر باشە، هاوکات بەشێکی زۆر لە خەڵکی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیرورا و دوان لەسەر ئەو شتانەی بۆیان گرینگە کەڵکی‌لێوەردەگرن.

## چۆن دەست بە کەڵکـوەرگرتن لە فەیسبووک بکەین؟

یەکەم هەنگاو کردنەوەی ئاکاونتی فەیسبووکە. بچۆ سەر پەیجی فەیسبووک و ناو و ئادرەسی ئیمەیلی خۆت بنووسە. وشەیەکی نهێنی یا پاسوۆرد بۆخۆت دیاری بکە و کلیکـبکە لەسەر وشەی "sign-up". پێشنیاردەکەین کە لە ئیمەیلی سەرەکی خۆت بۆ کردنەوە و کەڵکـوەرگرتن لە فەیسبووک وەرمەگرە. ئەو ناوەی دیاریتان کردووە دەبێتە ناوی بەکارهێنەری ئێوە، دەقاودەق وەک تویتەر وایە. ئەندامانی دیکەی فەیسبووک بە نووسینی @username پەیامی خۆیان دەنێرن بۆ سەر پرۆفایلی ئێوە.

**تێبینی:** بەپێی یاسای فەیسبووک دەبێ ئێوە بۆ کردنەوەی ئاکاونت ناو و ئادرەسی خۆتان بنووسن. ئەگەر نگرانی ئەوەن ناو و چالاکییەکانتان کێشەتان بۆ ساز بکا ناو ئیمەلی خوازراو (موستەعار) بەکاربێنن. ئێوە دەکارن ئە ناو و ئیمەیلە بۆ هەموو کۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربێنن.

ئەندامانی دیکەی فەیسبووک دەچنە سەر پرۆفایلی ئێوە و لە بۆچوونی ئێوە و ئەو بابەتانەی بۆتان گرینگە ئاگادار دەبن. "تایملاین" بەشێکە لە پرۆفەیلی تۆ. تایملاین شوێنی بڵاوکردنەوەی پۆستی ئێوە و بینینی ئەو پۆستانەیە، کە ئاماژە بە ئێوە و پۆستەکانتان کراوە و یان ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئێوەوە هەیە. ئەو پۆستانە بە پێی تەرتیبی کات (کرۆنۆلژیک) بڵاودەبنەو و نوێترین پۆست لە سەرووی هەمووانەوە دەبینرێت

ئێستا دەتوان لە پرۆفایلی خۆتاندا بگەڕێن و ناوی دۆستان بخەنە سەر لیست و وەدووی پەیجی دڵخوازدا بگەڕێن و نوێترین ئاگاداری لە سەر پەڕی یەکەم یان نیوزفید ببینن. زۆربوونی دۆستان یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی نیوزفیید باش و ئاگاداری نوێ وەدەستبێنن.

- **دۆستان Friends**، ئەو کەسانەن، کە ئێوە لە فەیسبووکدا پێوەندییان لەگەڵ دەگرن.
ئێوە دەتوانن
داوخوازی دۆستایەتی لە کەسێک بکەن و دۆستایەتی کەسانی دیکە قەبووڵ بکەن.

- **Following فالاوینگ** ڕەوشتێکە بۆ بوون بە ئەندام بوون لە پەیجێکی فەیسبووکدا، ئەو پەیجە دەکرێ هی ڕێکخراو، تاکە کەس، ئاژانسی هەواڵ، سیاسەتمەدار، ڕۆژنامەنووس، سەلیبریتی و... بێ. کاتێک ئێوە پەیجێکی فەیسبووک فالاو دەکەن

[8] “Questions you may have,” https://www.facebook.com/help/?helpref=hc_global_nav

هەموو بابەتێکی نوێی ئەو پەیجە لە سەر نیوزفیدی ئێوە دەبنیرێت. بۆ فالاوکردنی ئاکاونتێکی فەیسبووک دەتوانن لە پەنجەرەی وەدووگەڕان لە سەر پەیجی خۆتان، کە گشت کات جێگایەکی دیاری هەیە کەڵکـوەربگرن. ناوی ئەو پەیجانەی گەرەکتان فالاوی بکەن لەوێدا بنووسن و فەیسبووک لیستێک پێشنیار دەکا. ئەو کات کلیک بکەنە سەر "Follow".

## چۆن نفوزی خۆمان لە فەیسبووکدا زۆر بکەین؟

فرە ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی رادەی نفوزی خۆمان لە فەیسبووکدا زۆرتر بکەین: کۆمێنت نووسین لە بن پۆستی کەسانی دیکە. لایکـکردنی وێنە و بڵاوەی کردنەوەی بابەت و وێنەی دۆستان.
**لە بیرت بێ زۆر لەو چالاکییانە لە سەر تایم لاینی ءیوە دەبینرێن و لە ڕێگەوە دەتوانن سەرجەم ئەو پۆستانەی ئێوە داتاناوە ببینن.**

> **تێبینی:** بڕوانە نیزامی پاراستنی (حەریم) تایبەتی. لەو ڕیگەوە ئەوەی بۆتان گرینگە دیاری‌بکەن و دەتوانن دەستنیشانی بکەن کێ پرۆفایل، پۆست یان پۆستێکی تایبەتی ئێوە ببینێت و بتوانێت تەگی بکات. هەر لەوێدا دیاری‌دەکەن تا چ رادەیەک کەسانی دیکە تا چ ڕادەیەک زانیاری لەبارەی خودی خۆتانەوە ببینن.

باشترین ڕێگابۆ ئەوەی فالاوەری زۆرتر بۆ لای خۆتان ڕابکێشن، ئەوەیە بەردەوام چالاکی بنوێنن. هەوڵبدەن هەفتەی دوو سێ جار پۆستی نوێ بڵاوبکەنەوە و هانی بەرگۆ (مخاطب) بدەن بیروڕا بگۆڕنەوە. وێنە و رەسم باشترین کەرەسەی سەرنجڕاکێشان و پیوەندیگرتن و گۆڕینەوە بڕوای جۆراوجۆرە. لە سەد حەفتا و هەشتی پێوەندییەکان بە هۆی ئە کەرەسانەوە دێنە ئاراوە. ئەگەر دەتانەوێ تەنیا لە دەق کەڵکـوەربگرن، کورت، ڕوون و پڕ ناوەرۆک بینووسن. گشت کات لەبەر چاوتان بێ بۆ کێ دەنووسن. زۆر کەس پاتی کەم بۆ خوێندنەوی پۆست تەرخان دەکەن و کاتی خوێندنەوەی دەقی دوور و درێژییان نییە[9].

لەو دوویانەدا فەیسبووک پۆستی بە ٨٥ کاراکتەری جیاواز بڵاوکردووەتەوە. پۆستی کۆرت زۆرتر دەخوێنرێتەوە.

1. **کامێنت یان بڵاوکردنەوەی بابەتی کەسانی دیکە**: دوو ڕەوشی خێرا و سانان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، بۆچوون و هەڵسوکەوت لەسەر ئەو بابەتانەی کە بۆتان گرینگن. کاتێک پۆستێک دەبینن بە ئاسانی دەتوانن بڕوا و بۆچوونی خۆتان لەسەر ئەو بابەتە بنووسن. ئیمکانێکی دیکەی فەیسبووک بڵاوکردنەوەی بابەتی کەسانی دیکەیە؛ بۆ ئەوش تەنیا لە سەر وشەی "Share„ کە لە ژێرەوی هەر بابەتێک یان پۆستێکی فەیسبووی نووسراوە کلیک بکەن و بابەتەکە دەچێتە سەر تایم لاینی ئێوە.
2. **نیشانەکردن:** نیشانەکردن (ئاماژەکردن) یان tagging ڕێگایەکی باشە بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ کەسانی دیکە. ئاماژەکردن واتە ئێوە ڕاستەوخۆ لە فیسبووکدا ناوی کەسێک دێنن و لە پۆستێکدا ئاماژە بە ناوی ئەو دەکەن. ئەوە دەکرێ ڕەسم یان کۆمێنتار بێت. کاتێ @username دەنووسی فەیسبووک چەند ناوێک پێشنیار دەکا. ئێو دەکارن کەسی دڵخوازتان لە نێو ئەو لیستەدا هەڵبژێرن تەگی بکەن یا ئاماژەی پێبکەن.

[9] Social media 201: Leveraging Social Media to Increase Your Visibility," http://www.aauw.org/resource/how-

3. **Hashtag # هەشتەگ:** هەرچەند زۆربەی خەڵک هەشتەگ بە کەرەسەیەکی تایبەت بە تویتەر دەزانن، ئەو ئامرازە لە فەیسبووکیشدا وەک کەرەسەی پاڵاوتن یان بێژنگکردن بۆ بابەت و ترێندی زۆر بەهێزە. هەشتەگ هەندێ جار یاریدەدەرە و جاری واشە بەرگری لە چالاکی ئەندامان دەکا. باشترە هەشتەگ تاقیبکەنەوە و بزانن چ کارتێکەرییەکی لەسەر کەمپەینی ئێوە هەیە. بەگشتی یەک یان دوو هەشتەگ بۆ پۆستێک بەسە. پێش هەشتەگ کردن چاوێک بە هەشتکدا بخشێنن و بزانن لە چ هەشتەگێک زۆرترین کەڵک وەرگیراوە؛ ئێوەش ئەو هەشتەگە بەکاربێنن. تەنانەت ئەر لەگەڵ ئامانجی هەشتەگی ئێوە نایەتەوە.

4. **Liking content لایککردن:** لایکـکردن یەکێک لە باشترین کەرەسەکانی فەیسبووکە. بە کلیکـکردن لە سەر پۆستێکی فەیسبووک پشتیوانی لە چالاکییەکی کۆنکرێت، بابەت، بڕوا یان بۆچوونێکی کەسێک دەکەن. بۆ وێنە دەتوان ستاتووس، ئەپدەیت، ڕەسم، کامێنت و تەنانەت ڕێکلامیش لایکـبکەن. لەم دوواییەندا فەیسبووک لە کاتی لایکـکردن لە کەرەسەی هەست "Emotion„ کەڵک وەردەگرێ و ئیمکانی دەربڕنی هەست بە نیشانەگەلی دڵ، پێکەنین، نارەحتی و تووڕەبوونی مومکین کردووە.

# ئینستاگڕام[10]

ئینستاگڕام چییە؟ ئینستاگڕام تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، کە بە گشتی بە یارمەتی دەزگای موبایل کەڵکیلێوەردەگیدرێت و بۆ بڵاوکردنەوەی ویدیۆ و ڕەسم (فۆتۆگڕافی) بەکاردەهێنرێت. ئەندامانی ئینستاگڕام ڕەسم و ویدیۆ لە سەر ئئینستاگڕام بە شێوەی تایبەت بۆ خۆ، کەسانی دیاریکراو، یان گشتی بڵاودەکەنەوە دەشکرێ لەگەڵ فەیسبووکیش لینکـبکرێ. لەسەرەتادا ئینستاگڕام بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەسم تەرخانکرابوو، بەڵام ئێستا بووەتە کەرەسەیەکی پڕلایەنگر بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی. ئنیستاگڕام ئێستا مڵکی فەیسبووکە و ئیمکانی لایککردنی کامێنت و لکاندنی ڕەسم بە کامێنتیشەوە هاوشێوەی فەیسبووک مومکینە. هەروەها دەکرێ داستانی ڕۆژانە تۆماربکرێ و بە شێوەی ڕاستەوخۆ ویدیۆ بڵاوبکرێتەوە.

**سەرەتای بەکارهێنانی ئینستاگڕام؟**

دوو ڕێگا بۆ کردنەوەی ئاکاونتی ئینستاگڕام هەیە. دەکرێ ئاپی ئینستاگڕام لەسەر مۆبایلی خۆتان دابمەزرێنن، یان وێبسایتەکەی لەسەر کۆمپیۆتێر instagram.com بکەنەوە. بە هەر دوو شێوە بە نووسینی ئیمەیلی خۆتان و پاسوۆرد. یان لە ڕێگەی فەیسبووکەوە دەکرێ ئاکاونت بکەنەوە. هاوشێوەی تویتەر، فەیسبووک و ئەوانی دیکە ئەندامن دەتوانن لە ڕێگەی @username پێوەندیتان پێوەبکەن، پۆستەکانتان ببینن و کامێنت و لایکی بکەن.

هەنگاوی دواتر ئەوەیە دۆست و فاڵاوەر دۆستانێکی کە بۆ ئێوە سەرنجڕاکێشن. هاوشێوەی تویتەر، فەیسبووک ئێوە دەتوانن ببنە فاڵاوەری سیاسەتوان، ژۆرنالیست و کەسانی بەناوبانگ. دوورنییە ئەوانیش ئێوە فاڵاو بکەن. بەتایبەت ئەو دۆستانەی فەیسبووکی ئێوە، کە خاوەنی ئاکاوانتی فەیسبووکن.

[10] Instagram help center, https://help.instagram.com/1415228085373580

ئەگەر ئێوە بژاردەی تایبەتیان privacy هەڵبژاردبێ تەنیا کەسانێکی تایبەت، ئەوانەی داوخوازی ئەوانتان قەبووڵکردووە، پۆستی ئێوە دەبینن.

**ڕێنوێنی:** ڕێگەیەک بۆ ئەوەی ئەندامانی سەرنجڕاکێش ببیننەوە ئەویە، بزانن دۆستان و کەسانی جێیڕێزی ئێوە پێوەندییان لەگەڵ کێ هەیە.

ئێوە دەتوانن ویدیئۆ و ڕەسمی ئەوانە فالاویان دەکەن لە سەر فیدی خۆتان ببینن. واتە هەرکاتی چاو لە فیدی خۆتان دەکەن پۆستی نوێ دەبینن و دەتوانن کۆمێنت بنووسن و لایک بکەن. ئەوانیش دەتوانن کۆمێنت و لایکی ئێوە ببینن. ئەگەر پێتانخۆش نییە کەسانێکی تایبەت پۆستی ئێوە ببینن، یا فالاو بکەن دەکارن ئەوان بلۆک (block user) بکەن.

ئیتر ئەوانە ناتوانن ئێوە لە ئیستاگرامدا ببینن. ئینستاگڕام دەکارێ شوێنی تۆمارکردنی ڕەسم و ویدیئۆی ئێوەی بزانێ. بەوە دەبێژن geo tag.ئەگەر پێتان خۆشنییە کەسانی دیکە بزانن ویدیئۆ و ڕەسمەکانتان لە کوێ تۆمار کراوە، دەتوانن ئەو هەڵبژاردەیە (ئۆپشین) لە ڕێگەی پڕۆفیل سێتینگ و فۆتۆ مەپەوە (Photo Map) لەکاربخەن.

## چۆن دەتوانم بابەت لە ئیستاگڕام بڵاو بکەمەوە؟

بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەسم و ویدیئۆ دەتوانن لە ڕەسم و ویدئۆی لە مۆبایلەکەتان هەیە کەڵکوەربگرن. ئەوان لەسەر ئەپی ئینتساگڕام ئەپلۆد بکەن. دەشتوانن ڕاستەوخۆ لە ئەپەوە ڕەسم و ویدیئۆ تۆمار بکەن و بڵاوی بکەنەوە. بێجگە لەوە دەتوانن لە ستۆڕی (sotry) کەڵکوەرگرن و ڕەسم و ڤیدێئۆکانتان بڵاو بکەنەوە. ستۆڕی پاش ٢٤ کاتژمێر لادەچێ و نابینرێ. ستۆڕی داستانی ٢٤ سەعاتی ڕابردووی ئێوەیە.

ئێوە ستۆڕی ئەو کەسانەی فالاویان دەکەن لە سەرەوەی کادری "فید"ی خۆتان دەبینن. ئەگەر ئەوان شتێکی نوێیان بڵاو نەکردبێتەوە ئاڵقیەکی ڕەنگاوڕەنگ هەر لەو شوێنە دێتە بەرچاو.

- **ناوەرۆک:** ڕوونکردنەوەیە لەمەڕ پۆست کەپشن (caption) یەکێک لە گرینگترین شێوازەکانی ئینستاگڕامە بۆ ئەوەی بە مێتۆدۆکی کورت ڕوونکردنەوە لەسەر بەرهەمەکانی خۆتان بنووسن. کەپشن بە ناوی کەسانی دیکە هاوردن لە پۆست و هەروەها هەشتەگیش کەڵکی لێوەردەگیرێ: #word یا @username.

- **ڕەسمی بە کەیفییەت (کوالیتی ) بڵاو بکەنەوە:** ئینستاگڕام ٤٠ چەشن فیلتەڕی هەیە. بە کەڵکوەرگرتن لەوانە دەتوانن ڕەنگ، کۆنتراست و ڕادەی ڕووناکی دیاریبکەن. هەروەها دەتوانن بە شێوەی نەئاوتۆماتیک (مانوئێل) ڕەسمەکانتان ڕێتووش بکەن.

- **ویدیئۆی سەرنجڕاکێش بڵاو بکەنەوە:** ئێوە دەتوانن ویدیئۆ کە ماوەی ١٥ تا ٦٠ سانیە دەخایەنێ بڵاو بکەنەوە. بڵاوکردنەوەی ویدیئۆ بە کەیەفییەتی باش دەبێتە هۆی ئەوەی بینەران تا کۆتایی چاو لە ویدیئۆکە بکەن.

## چۆن دەتوانین لە ئینستاگرامدا فالۆوەری زۆر بۆ خۆمان کۆبکەینەوە؟

بۆ ئەوەی فالۆوەر و کارتێکەری زۆرتان هەبێ، بە لایککردن و کۆمێنت نووسین لەبارەی پۆستی کەسانی دیکەوە دەستپێبکەن. بەڵام باشترین ڕەوش بۆ گەیشتن بەو دوو ئامانجە بڵاوکردنەوەی ڕەسم و ویدیۆ بە کەیفییەتی باشە، کە بەرهەمی خۆتانە. وەک پلاتفۆرمەکانی دیکە بوونی بەردەوام و چالاکیتان بۆ سەرنجراکێشانی کەسانی دیکە مەرجی سەرەکییە. بوونی ویدیۆ و ڕەسمی باش، کە بەرهەمی خۆتانن ئیمکانی زۆربوونی فالۆوەر دەباتە سەرێ. کەیفییەتی باشی پۆستی ئێوە ئیمکانی ئەوەی پۆستەکانتان لە "Explore" و "News"دا ببینرێ زۆرتر دەکا. هەر وەها ئێوە دەتانن ببینن چ کەسانێک پۆستەکانی ئێوە فالاو و لایک دەکەن.

ئالگۆریتمی ئینستاگرام بۆ بەڕێوەبەری و بڵاوکردنەوەی پۆستەکان لە "فید"دا، لە سەر بنەمای ئەوەی کێ زۆرتر لایک کراوە بڕیار دەدا. ئەگەر ئێوە زۆر فالاو و لایککرابێتن ئیمکانی ئەوەی کەسانی دی بابەتی ئێوە لە ژووروی فیدەکەیان ببینن فرەترە[11].
بۆ ئەوەی پۆستەکانتان لە ئینستاگرامدا بچنە نێو گرووپێکی تایبەتەوە لە هەشتەگ کەڵکوەربگرن. ئێوە دەتوانن ٢٠ هەشتگ لە بابەتێکدا بنووسن، بەڵام باشترە ئەوپەڕی ٦ یان ٨ هەشتەگ بنووسن. هەروەها دەبێ دڵنیا بن هەشتەگەکان لەگەڵ پۆستی ئێوە گونجاون.

# باشترین ڕەوش بۆ کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

لەم بەشەدا باسی ڕێبازی جیاواز بۆ کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتەکان و شێوازی پترکردنی کارتێکەری دەکەن.
بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە کام یەک لەو تۆرانە کەڵکوەردەگرین، ڕێبازگەلی جیاواز بۆ بەکارهێنانیان هەیە.

بە پەیرەویکردن لەو چەند پلەی خوارەوەهەنگاو بە هەنگاو ستراتێژی کەمپەینی خۆتان دیاری بکەن و پەیرەوی لێبکەن.

- دەتوانن چی بکەن؟ ئامانجی خۆتان دیاریبکەن.
- چۆن ڕادەی سەرکەوتنتان هەڵدەسەنگێنن؟ بە ڕوونی پێوەری ئەندازەگرتنی خۆتان دیاری بکەن.
- گەرەکتانە پێوەندی بەکێوە بکەن؟ کەسانی ئامانجی پێوەندیگرتن دیاریبکەن.
- بە چ کردەوییەک دەستپێدەکەن؟ بابەتی خۆتان دیاری بکەن.

## هەنگاوی ١ : دیاریکردنی ئامانج

[11] Change How You Use Instagram for Digital Advocacy, http://modernmedicines.com/entry.php?id=730

هەنگاوی یەکەم و گرینگ ئەوەیە دیاریبکەن، دەتوانن بە چ ئامانجێک بگەن. ئامانجی ئێوە ستراتیژی و تاکتیکی ئێوە دیاری دەکا. لە درێژەدا چەند وێنەیەک لە ئامانج و شێوەی پەرەپێدان و زۆرکردنی بەشداری و ڕێگەگەلی گەیشتن بەو ئامانجانە باسدەکەین:



- ئاگادارکردن و قەناعەت: ئەگەر دەتانەوێ پلەی ئاگاداری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو (کۆنکرێت) بەرزبکەنەوە، یان قەناعت بە گرووپێک لە خەڵک بێنن، باشترە کەمپەینێک بۆ بەشداربوونی خەڵکی وەڕێبخەن و بۆ ئەو مەبەستەش لە فیلمی کورت کەڵکوەربگرن.
- ڕاکێشانی پشتیوانی ئامادەکردنی پیتەیشن یان تۆمار کارێکی پێوستە و لەو ڕێگایەوە سیاسەتمەداران ئاگادار لە بوونی پرس و کێشەیەک ئاگادار دەکەنەوە. لەو ڕێگایەوە ئێوە ئادرەسی ئیمەلی زۆرتان دەستدەکەوێ و دەتوانن لە داهاتووشدا لەو لیستە کەڵکوەربگرن. بەڵام بەکارهێنانی پلاتفۆڕمی وەک Change.org و Avaaz بە ئێرانییەکان پێشنییار ناکەین. هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو پلاتفۆڕمانە ئاگاداری جیدی خەڵکی کۆدەکەنەوە و لەوانەیە ئەمنییەتی ئێوە بخەنە بەر مەترسی. بەڵام پلاتفۆڕمی هاوشێوەی ماچۆلاند لە فۆرمی گوگڵ کەڵکوەردەگرن و یان شەپۆلی ئیمەیل وەڕێدەخەن.

## هەنگاوی ۲: دیاریکردنی پێوەری ئەندازەگرتن

پاش ئەوەی ئامانجی خۆتان دیاریکرد، دەبێ پیوەریکیش بۆ ڕادەی ئەندازەگیری دیاریبکەن. ئەو پێوەرە ڕادەی سەرکەوتنی ئێوە لە کارتێکەریدا دەنوێنێ. بە یارمەتی ئەو پێوەرانە دەتوانن ڕادەی سەرکەوتنتان هەڵبسەنگێنن و لە گەیشتن بە ئامانج دڵنیا بن و یان شێوازی دیکە هەڵبژێرن. لەو ڕێگەیەوە لەسەر ئەوە ساغ دەبنەوە ئایا ستراتیژی ئێوە سەرکەوتوو بووە، یان پێویستی بە هەندێک گۆڕانکاری هەیە.

ئەگەر مەبەست لە کەمپەینی ئێوە ئاگادارکردنەوەیە، دەبێ ژمارەی ئەوانەی ویدیۆی ئێوەیان بینیوە و ڕادەی ئەوانەی ویدیۆکەیان بە تەواوی بینیوە، ئەوانەی ویدێۆکەیان شێر کردووە، کۆمێنتیان داناوە و لایکیان کردووە دەبێتە پێوەری ڕادەی سەرکەوتنی ئێوە. ئەگەر لیستێکی لایەنگرانی خۆتان ئامادە دەکەن باشترە بە پێی ئەم پێوەرانە ڕادەی سەرکەوتنی خۆتان هەڵسەنگێنن. ژمارەی کلیک، نیسبەتی ئەوانەی لە سەر پەیجێکی کلیکیان کردووە و یان بابەتێکی تایبەت لەسەر ئەو پەیجە. ژمارەی ئەو کەسانەی داوای ئێوەیان بەجێهێناوە، بۆ وێنە تۆمار یا پیتیشنی ئێوەیان ئیمزا کردووە.

## هەنگاوی ۳: پێوەندی لەگەڵ کەسانی مەبەستی ئێوەن


کاتی دەستپێکی کەمپەین دەبێ بزانن مەبەستتان پێوەندی لەگەڵ کێ بگرن. دەتوانن ئەو کەسانە بەسەر (جنسییەت ، تەمەن، ڕادەی خوێندەواری و ...) هەڵسوکەوت ( هۆگری و چالاکی پێشوو) هەلومەرجی جۆغرافی (وڵات، باژێڕ و کۆدی پۆستی)دا دابەش بکرێن.

بۆ وەرێخستنی کەمپەین دەبێ بابەتی وا هەڵبژێرن، کە بۆ خەڵکی گرینگ بن و بە کردەوە پشتیوانتان لێبکەن. ئەو بابەتە بۆ وێنە دەکرێ باسی پەروەردە، تەندروستی، مافی ژنان و بابەتی جێی سەرەنجی گشتی و کەسانی بەناوبانگ، فیلم، هونەرمەندان و موزیسییەن بێت.

بە هەمان شێواز دەکارن لە هەشتەگی تازە کەڵکـوەرگرن، یان لەو هەشتەگەی پێشتر بووتانە بۆ ئەوەی ڕادەی بینەرانتان زۆرتر بن. **هەشتەگ ئەو بابەتانەن، کە پاش نیشانەی #ی درێژەیان هەیە و بۆ بەیانکردنی بابەتێکی دیاریکراو کەڵکی لێوەردەگیرێت.** خەڵکی لە نێتسدا بۆ پاڵاوتن یان بێژنگکردنی بابەت کەڵک لە هەشتەگ وەردەگرن بۆوەی بزانن بابەتی ڕۆژ چییە. ئەگەر گەرەکتانە بابەتەکانتان بە ڕادەیەکی زۆر ببینرێت، بیانلکێنن بەو هەشتەگانەوە، کە باوی ڕۆژن. **Hashtatg.org سەرچاوەیەکی باش و بەلاشە و دەکرێ هەشتەگی باوی ڕۆژ لەوێدا ببینرێتەوە.**

## ٥ خاڵی گرینگ بۆ سازکردنی # هەشتێکی باش

1. **کورت بێ:** قاعیدەی سەرەکی دەبێ کورت بێ. چەند وشەیەک یان عیبارەتێکی کورت بەسە. کەس هەشتەگێکی، کە ڕستەیەکی تەواوە لە بیرنامێنێت. لە بیرتان بێ لە زمانگەلی هاوشێوەی فارسی کاتێک وشەکان پێکەوە نەلکاون پێویست نییە لەم نیشانەیە (_) کەڵکوەربگرن. بۆ وێنە لە نەورۆز پیرۆز دا لە نێوان پیتی ز و پ پێوستیمان بەو نیشانە نییە. کاتێک وەدووی هەشتەگی فارسیدا دەگەڕێن بزانن لە نیشانەی (_) کەڵکوەرگیراوە یان نا، پاشان بەدوای ئەو هەشتەگانەدا بگەڕێن، کە زۆر کەڵکیان لێوەرگیراوە.




2. **ڕوون بێ:** تەنیا ئەو هەشتەگانەی بە ڕوونی بەیانکراون سەرکەوتوون. ئەگەری سەرکەوتووبوونی هەشتەگی ناڕوون زۆر کەمە. چوونکی بینەران لە واتاکەی ناگەن و نازانن بۆ چی دەبێ.

3. **لە کاتی خۆیدا بێ:** لە تورە کۆمەڵایەتییەکان بگەن. بزانن بابەتی ڕۆژ چییە و خەڵکی باسی چیدەکەن. ئایا بابەتی ڕۆژ بۆ گەیشتن بە ئامانجتان بەکەڵکە؟ کاتێک باسی شتێک ڕوون بکەی دەکاری سەرنجی خەڵکی بەرەو خۆت ڕابکێشی.

4. **پێوەندی بە باسەکەوە هەبێت:** دەبێ دڵنیا بن ئەوەی ئامانجی ئێوەیە لە هەشتەگدا بە ڕوونی باسکرابێ.

5. سازاندنی هەشتەگی باش و سەرنجراکێش گرینگە، بەڵام ئێوە نابێ ئامانجی خۆتان لە هەشتەگدا لەبیربچێ

6. **هەستبزوێن بن:** ئەو هەشتەگانەی هەستی خەڵکی دەبزوێنن کەسانی دیکە هاندەدەن لایک و شێریان بکەن. ئەگەر سەرکەوتنی ئەو هەشتەگانەی بە شێوەیەکی وریایانە سازکراون و قسەی خۆشیان تێدایە زۆرترە.

شێوەیەکی دیکە بۆ کارتێکەری ئەوەیە کەسانی کارتێکەر پۆستەکانی ئێوە شێر و فاڵاو بکەن. ناتوانری سەدا سەد گاڕانتی بکری، کەسانی دیکە لەو ڕێگەیەوە پشتیوانیتان لێدەکەن؛ بەڵام ئەوە دەکرێ شێویەکی کارتێکەر بێ.

دیاریکردنی ڕێکخراو و تاکە کەسانی، کە دەتوانن هاوکارتان بن، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ بڵاوبوونەوەی پەیامەکەتان. لە کاتی سازاندی تۆڕی کەمپەین ئەو خاڵەتان لەبەرچاو بێ. هاوکات ئێوەش دەبێ پۆستی ئەوان بڵاوبکەنەوە، یاخۆ پۆست وبابەتی نوێ وەها سازبکەن، کە سەرنجی هەمووان ڕابکێشێت. ئەو ستڕاتێژییە تەنیا زەمانێک کارتێکەری هەیە، کە ئێوە ئامانجی هاوبەش و تەواوکەری یەکتری بن.

# هەنگاوی ٤: گەرەکتان چ پەیامێک بگەیەنن؟

سەبارەت بەچی دەدوێن؟ بۆچی دەبێ ئەو پەیامەی ئێوە بۆ ئەوانی دیکەش گرینگ بێ؟ کارەکەتان بە پێچەوانە دەستبکەن؛ واتا سەرەتا باس و کێشەی ئەوانتان لەبەر چاوبێ و ڕێگە چارەکانتان بە ڕوونی پێشنیار بکەن.
ساڵژمێر (تەقویم) بۆ دارشتنی پلان و ئامادەکردنی پەیامەکانتان بەکاربێنن و لە کاتی کەمپەین بەردەوام چاوی لێبکەن. ئەو کەرەسەیە یارمەتیتان دەدا بەر لە کات پەیامەکانتان ئامادە بکەن. بۆ وێنە بابەتێکی گونجاو لە کاتی دیاریکراو، یان مناسبەتێکی نێونەتەوەیی بڵاو بکەنەوە. بەدارشتنی پلان دڵنیا بن دەکارن پەیامێکی پڕناوەرۆک بڵاوبکەنەوە. ئەوە شێوازێکی گرینگە بۆ کارتێکەری و کۆکردنەوەی پشتیوانی زۆرتر.

بۆ وێنە نەبزی ئێران لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو بابەتانە کردووە، کە بۆ ژنانی ئێران گرینگن و بەو ئاکامە گەیشتووە: حیجاب، وەرزش، پاک و خاوێنی، کێشەی سیاسی و ئابووری بایەخی زۆریان بۆ ژنانی ئێرانی هەیە. نەبزی ئێران وەدوای هەواڵی سەبارەت بەو باسانە دەکەوێ و کاریان لەسەر دەکا.

ئەگەر باسی کەمپەینی ئێوە پەروەردە بێ، دە توانن خواستی خۆتان وا فۆرمووله بکەن، کە ژنانیش کاردانەوەیان هەبێ و پشتیوانیتان لێبکەن.




# هەنگاوی ٥: ئامادەکردنی بابەتێک، کە ڕادەی بەشداری زۆر دەکا

ئامادکردنی بەرهەمێک، کە ڕادەی بەشداری خەڵکی فرەتر بکا کێشەی مان و نەمانی ڕێکخراوەکەتانە. بە واتایەکی دیکە پەیامی ئێوە دەبێ ڕەسم یان ویدیئۆ بێ و تەنیا دەق (متن) بەس نییە. لێرەدا چەند نموونەی سەرکەوتووتان پیشان دەدەین.

| warning: Graphic Video |
|---|

## فیلم (ویدیئۆ)




ئەگەر چەند خاڵێک لەبەرچاو بگرن، ناوەرۆکی فیلم دەتوانێت بە شێوەیکی سەرسوڕهێنەر کاریگەری هەبێت. زۆر کەس ویدیدیئۆی بێدەنگ لە تۆڕە کۆمەڵایەکاندا بڵاو دەکەنەوە. ئەگەر وێدیئۆکەتان دەنگێ لەگەڵە پێویستە ژێرنووسی بۆ دابنێن، بۆ ئەوەی پەیامەکەتان بەهێز بێ. باشە بزانن سێ سانییەی هەوەڵی فیلمەکە بڕیاردەرە. کە وابوو لە سەرەتای فیلمەکەدا نێوەرۆکی سەرەکی بابەتی خۆتان ڕابگەیەنن.

زۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئیمکانی بڵاوکردنەوەی ڕاستەوخۆی ویدیئۆیان ڕەخساندووە. بۆ وێنە لە فەیسبووکدا Facebook Live و لە تویتەردا Periscope ئیمکانی بڵاوکردنەوەی ڕاستوخۆ ڕەخساوە. ئەوە ئیمکانێکی باشە بۆ بەرەپێدانی پێوەندی، بە تایبەت لەتەک ئەوانەی ناتوانن بە شێوەی فیزیکی لە شوێنی ژیانی ئێوە بن.

## دەق ( تێکست/متن)

ژمارەی وشە، چەندییەتی دەق و ڕادەی کارتێکەری ئەوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازن. وەڵامی ڕوونی ئەوەی دەق دەبێ چەندە بێ ڕوون نییە. کەوابوو دەبێ دەق لە کمترین ژمارەی وشە پێکهاتبێ؛ بۆ ئەوەی خوێنەر بە ڕووانینێکی خێرا لە ناوەرۆک بگا. باشتر وایە بۆ گەیاندنی پەیامتان زۆر لەسەر دەق کەڵک وەرنەگرن خەڵکی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاند دەدقی دوور و درێژ ناخوێننەوە و دەیانەوەێ لە ڕێگای ڕەسم و ویدیئۆوە هەواڵ و زانیاری وەدەست بێنن. زۆرجار دەگوترێت بوونی بەردەوامی ڕەسم و ویدیئۆ ئاسان نییە. ئەگەر ئەوەتان بۆ ئاسان نییە باشترە لە فۆرماتی جیاواز و سەرنجراکێش کەڵکوەرگرن (دە شێوازی باشتر)، (چۆن ئەو کارە تەواو بکەم)، (بەراوەردکردن)، (تەجرەبە) و تەنز.




ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤی وەک ڕۆژی پێزانین لە یارمەتی مرۆڤدۆستانە ناوزەد کردووە. بابەتی ساڵی ٢٠١٦ "مرۆڤایەتی یەکگرتوو بوو و ئەو ڕێکخراوەیە هەشتەگی
#WorldHumanitarianDay و #ShareHumanity و ڕەسمی یاریدەرانی ڕێکخراوە لە هەلومەرجی دژوار، زارۆکی مەترسی و هەڕەشەیان لەسەرە و ئینفۆگرافیکی لەسەر قەیرانی جیهانی و هەوڵی یاریدەدەران بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی بڵاوکردەوە. دەقی سادەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە هۆی کارتێکەری بەربڵاو، ڕەسم و ئینفۆگرافیکیش بۆ وروژاندنی هەستی خەڵکی و ئیلهام وەرگرتن لە دەروەی دنیای مەجاز

## تیکنینیکی ڕەسم

جگە لە ڕەسم، گرافیک، ئینفۆگرافی، ئیکۆنۆگرافی، کاریکاتۆر و شێوەگەلی دیکە یاریدە دەدەن بۆ ئەوەی پەیامی خۆتان ڕابگەیەنن. لە خوارەوە باسی چەند تێکنیک دەکەین:

فۆتۆ (وێنە، ڕەسم)

1 .ڕەسم لە سروشتدا، هاوشێوەی پۆرتری ناگیرێ
2 .سەرنجبدەنە کۆمپۆزەیشنی سووژەکان. بۆ وێنە لە وێنەی دەستی چەپدا سووژەکان لە یەک پلەی وەک یەکدا نین؛ لە پلەی دووهەم کە سووژەکان ڕێک لە یەک پلەدان، کۆمپۆزیشنی باشتر بەرچاو دەکەوێ.




**POOR ORIENTATION:**
SUBJECTS ARE
AT DISPARATE HEIGHTS

**BETTER ORIENTATION:**
SUBJECTS ARE
LEVEL WITH EACH OTHER


3 .لە زۆرترین پلەی ڕوونی (Resolution: Auflösung) ی کامێرا کەڵک وەرگرن. مۆبایلی ئایفۆن و هاوشێوە کەیفییەتێکی (کوالیتی) فرەیان هەیە، بەڵام ئەو ڕەسمانەی بە کامێرای پڕۆفیشیۆناال وەرگیراون زۆر ڕرونتر و باشترن. ئەو دەزگایانە زۆر لە هەلومەرجی نالەباردا ڕەسمی باشتر دەگرن.

4 .لە کاتی ڕەسم گرتندا سەرنج بدەن بەر و پشتی سوژە بۆ ئەوەی سووژەی سەرەکی لەبەرچاوتر بێ. بۆ وێنە ئەگەر کەسێک جلوبەرگی ڕوونی لەبەردا بێ سەرنجی بینەر لە سووژەی سەرەکی لادەدا. لەوانەشە کاتی وێنەگرتن کەسێک نەخوازراو بێتە نێو کادری ڕەسمی ئێوەوە.




## ئینفۆگرافیک

1 .**<u>مەبێژن، بینوێنن</u>**: ئینفۆگرافیک سەرنجی خەڵکی لە ڕوانگەی بینینەوە ڕادەکێشێت. خۆ لە دەقی درێژ و گرافیکی ناپێویست بپارێزن. دەق دەبێ کورت و پڕ واتا بێ. پلاتفۆڕمگەلی وەک گوگل نایەڵن دەقی زۆر بخرێتە سەر وێنە و بۆ مەبەستی پرۆپاگاندا یان ڕێکلام بەکاربهێنرێت.




2 .**<u>ئەندازە، قەبارە (سایز) گرنیگە:</u>**

لێکۆڵینەوەکان نیشانیانداوە زۆربەی خەڵک لە ڕێگای دەزگای موبایلەوە کەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن. ئینفۆگرافیک، کە ٦٠٠ تا ١٤٠٠ پیکسل پێکهاتووە لەوانەیە لەسەر کۆمپیوتێر زۆر باش بنوێنێت، بەڵام بینینی لە ڕێگەی مۆبایلەوە دژوارە. ئەندازەی پیکسلی پلاتفۆڕمەکان لەخوارەوە نووسراون. دەبێ بزانن ئەو ژمارانە ناوبەناو دەگۆڕدرێن:

- **فەیسبووک**
- 900x900
  1200x628

- **ئینستاگرام:** 900x900
- **تویتەر:**و 1200x717, 900x900
-

- **<u>ڕێژەی زانیارییەکانتان زۆرە؟</u>** بیر لەوە بکەنەوە لەبری ئینفۆگرافیکێک، کە پیکسلی زۆرە چەند ئنفۆگرام بە پیکسلی چکۆلە چێبکەن.


کۆمەڵێک ئینفۆگرافیک چێبکەن و لە ماوەی چەند ڕۆژیان هەفتەیەکدا بڵاوی بکەنەوە.

3. **سەرنجراکێش و ئامانجی ڕوون:** گرافیکی جەغزی (دایرەیی) و کۆڵەکەیی (ستونی) گرینگن، بەڵام بۆ مەبەستی ئێوە بەس نین. بۆ ئەوەی ئینفۆگرافیکەکانتان سەرنجراکێش بێ لە ئایکۆن و وێنە لە بواری خۆتاندا کەڵکوەرگرن. وەکوو ئەو نموونەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پێشتر باسمان کرد. خۆ لە ئایکۆن، وێنە، فۆنت و ڕەنگی نائاسایی بپارێزن. ئێوە دەکارن لە فایل، وێکتۆڕی و ئایکۆنی وێبسایتی The Noun Project و بە خۆڕای کەڵکوەربگرن. هەروەها سەر لە سەر سەرجەمی فایلی گرافیکی Dribbble یان FlatIcon بدەن. ئەمیشیان بەلاشە.

4. **کۆک (گونجاو):** بەلەبەر چاوگرتنی لێواری (حاشیە) تێکست، بە هەڵبژاردنی ڕەنگ، کەڵکوەرگرتن لە کەلێنی سپی و فۆنتی گونجاو ئینفۆگرافی سادە بەرهەمبێنن. وەک لە سەرەوە ئاماژە کرا ساکار (سانا/سادە) بوون زۆر گرینگە. بە ڕەنگی زەق و نێئۆن و فۆنتی سەیر و سەمەرە سەر لە بینەران و خەڵکی مەشێوێنن.

## تێبین گشتی لەسەر دارشتن (دیزاین)ی گرافیک

باوەکوو ئەوەی لەبارەی گرافیک لە سۆشیال مێدیادا گووترا، لێرەدا چەند تێبینی پراکتیکیش باس دەکەین:




1. **بانگەواز بۆکەمپەینی خۆتان بکەن:** ئەرکی ئێوەیە کە بانگەوازی خۆتان ئاراستەی کۆمەڵێکی تایبەت بکەن. بۆ وێنە ناوی خۆتان بنووسن و خۆتن بەشداری کەمپەین بکەن. دەبێ ڕوون بێ مەبەستی ئێوە ڕینوێنی و بەڕێوەبەرییە. لە نموونەی OFA (Organizaiton for Change) لە خاڵێکی سوور کەڵک وەرگیراوە، بۆ ئەوەی ئامانجی ئێوە ڕوون بێ و خەڵکی بەشداری لە کەمپەینی ئێوەدا بکەن.

2. **هەڵبژاردنی فۆنت (Typography):** بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر فۆنت هەڵبژاردنی خەت بۆ ئینفۆگرافی ئاسان نییە. وەک ئاماژەکرا پەیامی ئێوە دەبێ سادە و ساکار بێ. ئەوە هەڵبژاردنی فۆنتیش دەگرێتەوە. فۆنتی هەڵتانبژاردووە چ پەیامێک دەگەیەنێت؟. پەیامی ئێوە جیدییە یان گاڵتەجاڕی؟ ئەو خەت و فۆنتەی هەڵتانبژاردووە لەگەڵ پەیامی ئێوە دێتەوە؟




بەلەبەر چاوگرتنی ئەو خاڵانە باشترە خۆ لە خەتی Comic Sans و Papyrus بپارێزن لەبری ئەوان خەتی Gotham, Oswald, Georgia, Helvetica و Avenir یان خەتی دیکە بەکاربێنن. ئەگەر گرافیکەتان فارسییە باشترین خەت گەندوم (گندم) و میترا (میترا)یە. هەرچەندە نابێ خۆتان قەتیس بکەن و ببەستنەوە، بەڵام بۆ سەرتا ئەوانە باشترین فۆنتن.

**3. ڕەنگ:** هەرچەندە ئەپلیکەیشنی جیاواز بۆ وێنە Adobe Color و Color Hunter تەرکیبی ڕەنگ سازدەکەن، لەوانەیە هەڵبژاردنی ڕەنگ لە هەڵبژاردنی خەت دژوارتر بێ.

- **ڕەنگی هاوشێوە Anlogous Colors:** ڕەنگی هاوشێوە بەو سێ ڕەنگانە دەبێژن، کە لە جەغزێکدا لەگەڵ یەک دێنەوە و لە جەغزی ١٢ بەشیدا لە پەنایی یەکدان. بۆ وێنە سوور، پرتەقاڵی و سوور-پرتەقاڵی. جاری وا هەیە ڕەنگی زەق لەگەڵ یەک دێتەوە؛ بەڵام باشترە خۆی لێبپارێزن.
- **ڕەنگی تەواوکەری یەکدی Complementry Colors:** بەوە بە دوو ڕەنگە دژبەرە دەگوترێ کە دژی یەک دەوەستن و کۆنتراستیکی سابت پێکدێنن.
- **ڕەنگی دژبەر Clashing/Contrasting Colors:** هەر چەندە ڕەنگە ناوەندییەکان لە نێوان دوو ڕەنگدا هەبن ئەو ڕەنگانە زەقتر دەنوێنن (کۆنتڕاست زۆرترە).

## هەنگاوی ٦: لە چالاکیدا بەردەوام بن

کاریگەرترین شێوەی کەڵکوەرگرتن چالاکی بێپسانەوەیە. تا ئەو کاتەی ئێوە پۆست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دادەنێن و کۆمێنت دەنووسن چالاکن. باشتر وایە مودیرییەتی ئەو کۆمێنتانە بکەن، کە لە بن پۆستەکانتاندا نووسراون و وەڵامیان بدەنەوە. بە زمانێکی بە ئەدەبانە و دۆستانە خەڵکی هانبدەن دیالۆگتان لەگەڵ بکەن




**بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگ لەبەردەستتان بێ**

# تەبلیغات لە ڕێگای تویتەرەوە

بە پێچەوانەی فەیسبووک و ئینستاگرام تویتەر سنوورێکی بۆ نووسراوەی ڕەسمی سنوردار نەکردووە و دەرەتانی بەکارهێنانی GIF دینامێکی خولقاندووە. تایبەتمەندی تەواو بۆ ئەو کارەش لە Twitter’sadvertiser spefication page دا نووسراوە.

- **هەڵی سەرەتایی**
  - **قەبارەی ویدیۆ: 16x19**
  - **وێنە (Image) 220 Pixels x 800 Pixels**

- **تەبلیغات (ڕێکلام) بە پارە**
  - جێگای بڵاوکردنەوە: لە سەر نیوزفید، لە سەر مۆبایل و کۆمپیۆتێر دەبینرێ.
  - گرووپی ئامانجتان: تویتەر خۆی پێشنیاری تویت، ئاکاونت و مەیلی ڕۆژ (ترێند) دەکا. ئێوە لەو ڕیگەیەوە دەکارن وەدووی کەسانێک کەوەن کە ئاکاونتی تایبەت فالاو دەکەن.
  - مۆدێل: تویتەر سیستەمێکی دامزراندوە و بە پێی ئەوی چەندە چاو لە ڕێکلام بکرێ و جەند کلیکی لە سەرکرابێ، پارە وەردەگرێ. بە واتایەکی دیکە ڕێژەی کلیک و ژمارەی فالاوەرەکان کارتێکەری دەکات سەر تێچوو (خەرج) بۆ بەکارهێنەران.

## ڕێکلام لە فەیسبووکدا

ئالگۆریتمی فەیسبووک سیستەمێکی دامەزراندووە، کە تەنیا بەو کەسانەی ئێوەیان لایک کردووە ئیمکانی ئەویان هەیە پۆستی ئێوە ببینن. کەسانێک هەن بۆ ئەوەی ژمارەی بینەرییان زۆربکەن، پارە دەدەن بۆ ئەوەی زیادبوونی بینەر و فالاویان مسۆگەر بکەن. بە دانی پارە ئێوە دەستتان دەگاتە خەڵکی زۆرترلە کەسانەی ئێوەیان لایک کردووە. فەیسبووک فۆرمات و تایبەتمەندی جیاوازی بۆ ڕێکلام هەیە. بۆ ئاگاداری فرەتر بڕواننە: Facebook’s ad style guide

## فۆرماتی ئاسایی (سەرەتایی):

- **ڕێژەی قەبارەی ویدیۆ 1x1 یان 16x9**
- **وێنە (ڕەسم) 1200x628 پیکسل**

## ڕێکلام و سفارش:

- جێگای بڵاوکردنەوە: نیسبەتی قەبارەی ویدئیۆ: 1x1 ڕەسم وێنە: 1200x628 پیکسل
- گرووپی ئاماناج: لە فەیسبووکدا ئیمکانی ئەوە هەیە گرووپەکان بە پێی هۆگری و سەرنجیان بناسرێن و ببنە ئامانج. تەنانەت دەتوانن حیساب لەسەر جیاوازی ئەوانەی کۆمپیۆتێر بەکاردێنن یان کەڵک لە مۆبایل وەردەگرن کراوە. تئێوە دەتوانن ئامانجی خۆتان لە نێوان ئەو کەسانەی کۆمپیۆتێر یان مۆبایل بەکار دێنن هەڵبژێرن. تێچووی ڕێکلام جیاوازە، بەڵام بە گشتی بە پێی ڕێژەی کلیک، بینین، و وتوو و وێژی بەکارهێنەران حیساب دەکرێ.
- مۆدێل: قیمەتی ڕێکلام وەک باسکرا جیاوازە، بەگشتی بە پێی ڕادەی کلیک، وتوو و وێژ و یان حیسابکردنی تێچوو بە هەر هەزار کاردانەوەی ئەندامانی فیسبووک حیساب دەکرێ.

- دیزاین: دەقی ڕێکلام نابێ پتر لە سەدا بیستی ڕووبەری وێنەکە دابگرێ. بۆ تێچووی پۆستکردنی ویدئیۆ فۆڕمات 1x1 لەبەرچاوبگرن. ئەو فۆڕماتە دەتوانن لە ئینستاگڕامیشدا بەکاربێنن. بۆ ئاگاداری زۆرتر بڕواننە: www.facebook.com/business

**ڕێکلام لە ئینستاگڕامدا**

جگە لە فاڵاوەرکانتان دەتوانن بە خەرجکردنی پارە بۆ ڕێکلام لە ئینستاگڕام کەڵکـوەرگرن. کەسانی دیکە پەیجی ئینستاگڕامی ئێوە دەبینن. دەتوانن ئاگاداری پێویست لە پەیجی بیزنسی فەیسبووک کەڵک وەرگرن پەیجە وەربگرن.

- **فۆرماتی ئاسایی (سەرەتایی):**
  - **ڕێژەی قەبارەی ویدیئۆ:** 1x1
  - **وێنە (ڕەسم): 1080x1080 پیکسل**

**ڕێکلام و سفارش:**

- جێگای بڵاوکردنەوە: بناخەی بڵاوکردنەوەی هەموو ڕێکلامێک لە سەر بناخەی دەزگای مۆبایل دانراوە. ئینستاگڕام ئەپێکە، کە بۆ مۆبایل دیزاینکراوە. هەموو ڕێکلامێکی ئێوە لە سەر نیوزفید دەبینرێت.
- گرووپی ئاماناج: شێوازی ڕێکلامی ئینستاگڕام وەک فەیسبووک وایە و پەیڕەوی لە هەمان مۆدێل دەکا بۆیە دەتوانن لە هۆگری و سەرنجی ئەندامانی ئینستاگڕام بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕێکلامەکەتان کەڵکـوەرگرن.
- مۆدێل: مۆدێلی دیاریکردنی پارە بۆ ڕێکلام بە شێوەی مزایدەیەauction = (ئەوەی زۆرترین پارەی داوە دەبێتە پێوەری تێچوو بۆ ئەوانی دیکە). دیاریکردنی قیمەت بۆ ڕێکلام جیاوازە بەڵام ڕێژەی بینینی ویدیئۆ، کلیک، کۆمێنت و کاردانەوەی ئەندامانی پلاتفۆڕمەکە دیاریدەکرێ. پێوەر هەزار "ئیمپڕەشن"ە. ئیمپێڕەشن لە ئیستاگڕامدا بە واتای ڕادەی بینین لێکدەدرێتەوە.
- دیزاین: بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێکلام لە ئینستاگڕام و هەر شوێنێکی دیکە باشترە لە دەق (مەتن) کەڵکـوەرنەگیرێن. کاریگەرترین ڕێکلاە ئەوەیە لایەنی بینینی (visually) بەهێز بێ. ئەوە دەبێتە هۆی پێوەندیگرتن لەگەڵ بینەران و بیرکردنەوەیان و زۆر سەرنجڕاکێشە بۆیان.

# کەرەسەی مودیرییەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ئێوە دەتوانن لە سەر خودی پلاتفۆرمەکان مودیرییەتی چالاکییەکانتان بکەن. هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە باری تێکنیکییەوە مودیرییەتی هاوکاتی هەموو ئاکاونتەکانی ئێوەی لە ڕێگای یەک کەرەسەوە بەدیهێناوە. ڕێکخراو و تاکە کەسەکان کەڵک لەە کەرەسەیە (tool) وەردەگەرن. لەو ڕێگەیەوە کاتی کەمتر لە دەست دەدەن و ڕادەی کارتێکەری ئێوە دەچێتە سەرێ. ئیتر پێوست ناک بە جیا سەر لە هەموو پلاتفۆرمەکان بدەن.

دەیان پلاتفۆرم هەن، کە بە یارمەتی ئەوان دەتوانن مودیرییەتی چالاکی خۆتان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاسان و خێرا بکەن. ئەو پلاتفۆرمانە لانی کەم ئەو کارانەی خوارە دەتوانن بکەن:

- ئامادەگرتنی پێرستی (لیست) تورە کومەڵایەتییەکان
- بڵاوەکراوەکانی پۆست لە تۆرە کۆمەڵاتییەکان
- مدیرییەتی هاوکاتی چەند ئاکاونت
- ئیمکانی گەڕان
- ئاوتۆماتیزە کردنی پۆستی تورە کۆمەڵایەتییەکان
- ئارشیو کردنی ناوەرۆک و پۆست

(Hootsuite) یەکێک لە بەناوبانگترین کەرەسەکانی مودیرییەتی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەو کەرەسەیە بۆ پێوانی ڕادەی وتوویژ و ئاکامی چالاکییەکانتان زۆر بەکەڵکە. جگە لەوە:

- خۆگونجێنەر(flexible)ــ دەتوانی هاوکات مودیریەتی تویتەر، فەیسبووک، ئینستاگرام و پتر لە ۳۰ پلاتفۆرمی دیکە بکات.
- گران نییەــ مۆدێل جۆراوجۆری هەیە. بۆ وێنە جگە لە ڤێرژیۆنی سەرەکی بە ۹۹،۹ دۆلار فیرژیۆنی خۆراییشی هەیە.
- خۆی دەگۆڕێ و دەگونجێنێتــ بە نیسبەتی چالاکی ئێوە و بە پێی پێداویستییەکانتان خۆی دەگونجێنێت.

گەورەترین کێشەی" Hootsuite " ئەوەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکان وەک پلاتفۆرمەکانی دیکە یارمەتی کریاران خۆی نادا. تەنیا چەند نموونەیەک لە کێشەی تیکنیکی هەن کە ئێوە خۆتان دەبێ بە دوویاندا بگەڕێن و چارەی گونجاو ببیننەوە و ناوەندێکی یارمەتییان نییە. لەو ڕێگەیەوە ئەو ئیمکانە دەگونجێنن بە قیمەتێکی کەم سێرویسێکی باش بە مشتەرییەکان بدەن. " دەتوانن چاو لەو پلاتفۆرمانەش بکەن و بە پێی نیازی خۆتان یەکییان جگە لە "Hootsuite„هەڵبژێرن:

| | |
|---|---|
| • Buffer<br>• IFTTT<br>• SocialOomph<br>• TweetDeck<br>• Tweepi | • SproutSocial<br>• SocialBro<br>• CrowdBooster<br>• ArgyleSocial<br>• DashBurst |